سەرچاوەکانی ئیمامی تەبەری لەسەر فیتنەی نێوان هاوەڵان

[کردي – کوردی – kurdish]

پرۆفیسۆر دکتۆر موحەمەد ئەمەحزۆن

وەرگێڕانی: نیهاد جەلال حبیب الله

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

مصادر الطبري في الفتنة بين الصحابة

« باللغة الكردية »

الدكتور محمد أمحزون

ترجمة: نهاد جلال حبيب الله

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

سەرچاوەکانی ئیمامی تەبەری لەسەر فیتنەی نێوان هاوەڵان

له ماوەیەکی سەرەتاوە نووسین له بواری میـژوودا لای موسڵمانان دەرکـەوت و لـه کۆتاییـەکانی سـەدەی یەکـەمی کۆچـیدا یەکـەمین ئـەو کتێبـه مێژووییانـه درکـەوتن کـه گرنگیـان دەدا بـه ژیاننامـەی پێغەمبـەر(ﷺ)، دواتـر دانـراوە مێژووییەکانی سەدەی دووەمی کۆچی چارەسەری ڕووداوە گرنگەکانی مێژووی ئیسلامییان دەخسته ڕوو وەك ڕووداوەکانی هەڵگەڕانەوە له ئیسلام و فتوحاتی ئیسـلامی و فیتنـەی نێـوان موسـڵمانان و ئـەو شـەڕو ڕووداوانـەی پەیوەسـتن بەوانـەوە وەك شـەڕی جەمـەل و صـفین و مەسـەلەی دادوەری و شـتی لەوشـێوە. ئەو نووسینانه به نووسینه هەواڵیەکان و دانەرەکانیشیان بە(الاخباری)ناسران.

کـاتێ گەشەسـەندنێ لـه نووسـینی مێـژوویی لـه سـەدەی سـێیەمی کۆچـیدا ڕوویـدا، ئـەو گـەورە مێژوونووسـانه دەرکـەوتن کـه شـتێکی زۆریـان لـەو نووسینانەی پێشـوو وەرگـرت و سـەرلەنوێ دایانڕشتەوەو لـه چـەند دانراوێکـی گـەورەدا پەیوەسـتی یـەکتریان کـردن و نووسـینەکانیان بـه کتێبـەکانی مێـژوو ناسـران.[1] لەسـەروو هـەموو ئەوانەشـەوە ئیمـامی تەبـەری دەبێـت کـه لـه پـێش خۆیـەوە ژمارەیـەکی زۆری سەرچـاوە هەواڵگێڕەوەییـەکانی بـەدیکرد و شـتی لێوەرگرتن تا مێژووە گەورەکەی پێکبێنێ.

---

[1] – فرانزروزنتـال: علـم التـاريخ عنـد المسـلمين" د. سـامى الصـقار: علـم التـاريخ عنـد المسلمين.

لەو کتێبەیدا لە کۆکردنەوەی سەرچاوەکان و شارەزابوون لە دانراوەکانی پێش خۆی و هەڵبژاردن و وەرگرتنی گێڕانەوەکاندا توانایەکی زۆری نیشاندا.

لە نوسینەکەیدا پشتی بە دوو ڕەوتی سەرچاوەیی بەستووە، زارەکی کە بە بیستن لە مامۆستاکانی وەریگرتووە.بۆ ئەمەش دەربڕینی(حدثنی)**یان(اخبرنی)**[2]، **چەند دانراوێکیش کە لە گێڕانەوەکانی وەرگرتووە و لێی هێناون وەك لە نوسینەکانی واقدی و ئەبوومومخەنەف، بۆ ئەمەش دەقی**(ذکر)**یان(قال) یان(زعم)دێنێ.**[3]

لەبەرئەوەی گێڕانەوە ڕێڕەوی جێ حەزی خودی ئیمامی تەبەریە و گێڕانەوەش لە ڕێی سەنەدەوە پێویستی هێنانی ناوی کتێبەکان ناخوازێ، بۆیە ناوی گێڕەرەوەکە لەبری کتێبەکەی دێنێ. تێبینی ئەوە دەکەین ئیمامی تەبەری دەستبەردار بووە لە هێنانی ناوی ئەو سەرچاوە و کتێبانەی کە پشتی پێبەستون. تەنها لەچەند شوێنێکی دیاریکراو و کەمیشدا لەو بنەمایە لایداوە، وەك ئەم دەقەی(حدثنی عمر – ابن شبة- مرة اخری فی کتابه الذی سماه کتاب(اهل البصرة)**فقال**...)[4]**(عومەری کوڕی شوببەھ جارێکی دی لەو کتێبەیدا کە ناوی ناوە(اهل البصره)بۆی گێڕامەوە و وتی)**

دیارە ئەو ڕێ و شوێنانەشی سەختی و بەربەست دێننە بەردەم لێکۆڵەران سەبارەت بە ناسینی سەرچاوەکانی، چونکە زانایان یان ئەو مامۆستایانەی کە

---

[2] – الطبری: **تاریخ الرسل و الملوك" بۆ نموونە بڕوانە ج٤ ص٣٣٥.**

[3] – **هەمان سەرچاوە: بۆ نموونە بڕوانە(ج٤ ص ٣٧٢، ٣٧٥، ١٦٠).**

[4] – **هەمان سەرچاوە، ج٥ ص ٢٩٧**

ئیمامی تەبەری شتی لە کتێبەکانیانەوە هێناوە و تەنها لە سەنەدەکەیدا ناوی هێناون هەریەکەیان چەندین نووسینیان هەیە و ناتوانرێ بزانرێ کام سەرچاوەی پێ مەبەستە.

ئەوەی جێی ئاماژەپێکردنە ئیمامی تەبەری لە کاتی نووسینی لەسەر مەسەلەی فیتنە پشتی بە چوار سەرچاوەی سەرەکی بەستووە، ئەوانیش کتێب یان گێڕانەوەکانی ئەم کەسانەن: سەیفی کوڕی عومەری تەمیمی، موحەممەدی کوڕی عومەری واقدی، عومەری کوڕی شوببەهی نومەیری، ئەبو موخنەف لووطی **کوڕی یەحیا.**

سەبارەت بە فیتنەکانی سەردەمی عوسمان(رضي الله عنه)و کوژرانیپشتی بەستووە بە سەیفی کوڕی عومەر کە گێڕانەوەی ئەو پێشدەخات و دواتر چەند گێڕانەوەیەکی دیکە لە واقیدیەوە دێنێ.

بۆ شەڕی جەمەل و ڕووداوەکانی پێشتری وەك بەیعەتدان بە عەلی کوڕی ئەبوتالیب(رضي الله عنه)و دەرچوونی تەلحە و زوبەیر و عائشە(رضي الله عنهم)بۆ بەسرە پشتی بەستووە بە گێرانەوەکانی عومەری کوڕی شوببەه و دواتر گێڕانەوەکانی سەیفی کوڕی عومەری لەسەر دێنێ.

سەبارەت بە شەڕی(صفين)و ڕووداوەکانی دواتری وەك ڕووداوی دادوەری و جەنگی عەلی(رضي الله عنه)لەگەڵ خەواریج و ڕووداوگەلێکی دی ئەوا پشت دەبەستێت بە ئەبوموخنەف و گێرانەوەی ئەو پێشدەخات.

ئەمە سەرەڕای چەند سەرچاوەیەکی دی کە بە پلەی دووەم دێن و خۆیان دەبیننەوە لە گێڕانەوەکانی چەند مامۆستایەکی کە جارجارە نێوان دەخەنە نێو ئەو سەرچاوە باسکراوانە.

یەکەم: سەیفی کوڕی عومەری تەمیمی

سەرەتا سەرچاوەی یەکەم دێنین کە سەیفی کوڕی عومەری تەمیمی ضبي ئەسەدیە کە لە ساڵی ١٨٠ك/ ٧٩٦ز. مردووە. ئەم کەسایەتییە بەوە ناسراوە کە شارەزایی بەرفراوانی هەیە لەسەر مێژووی ئیسلامی. نووسینەکانی لای مێژوونووسان ناوبانگێکی بەرفراوانیان هەیە، بەتایبەت ئەو نووسینانەی لەسەر شەڕی هەڵگەڕانەوە و فتوحاتەکان و ڕووداوەکانی فیتنە دایناون.

سەیف زانستی خۆی لە کەسە ئیخباریەکانەوە هێناوە وەك هیشامی کوڕی عروەی کوڕی زوبەیر[٥] و مووسای کوڕی عوقبە[٦] و موحەممەدی کوڕی سائیبی کەلبی[٧] و موحەممەدی کوڕی ئیسحاق و هاوشێوەکانی.

---

[٥] – هیشامی کوڕی عروەی کوڕی زوبەیری کوڕی عەوامی ئەسەدی قورەیشی ئەبولمونزیر لە گەورە هەواڵگێڕەرەوە و پێشەوایێنی فەرموودەیەکە کە زانایانی وەك(ئیبن سەعد و ئەبو حاتەم و عجلي و ئیبن موعین)بەجێ متمانەی دەزانن، لە ساڵی ١٤٥ك. مردووە

[٦] – مووسای کوڕی عوبەی کوڕی ئەبو عەییاش ئەبو موحەممەد لەجێ متمانە تایبەتمەندەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر(ﷺ)ئیمامی مالیك وەسفی نوسینەکانی لەسەر غەزاکان دەکات. ئیمامی وخاریش لە صەحیحەکەیدا پشتی پێ بەستوون. ئەحمەد و

هەروەهاهەواڵەکانی سەبارەت بە فیتنە لە مامۆستاکانیانەوە دێنێ کە بریتین لە: موحەممەدی کوڕی نوەیرە[8]و تەلحەی کوڕی ئەعلەم[9]و عەتییەی کوڕی حارث ئەبوڕقی و هەمەدانی[10].

ئەوانە ئەو باسەیان بە شێوەیەکی لەیەکچوو هێناوە، ئەویش دوای ئەوە ناویان دێنێ دەڵێت: ئەوانە دەڵێن،[11] دواتر ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە. وەك ئەوەی تا ئاستێکی بەرچاو لەسەر ڕووداو و وەردەکاریەکانی فیتنەکە یەکدەنگ بن و ئەوە دەگەیەنێت سەرچاوەکانیان یەك شت بێ.

ئیبن موعین و نەسائی و ئەبو حاتەم و ئیبن حبان بەجێ متمانەی دەزانن، لە ساڵی ١٤١ك. مرد.

[7] – موحەممەدی کوڕی سائیبی کوڕی بیسر ئەبو نەصری کەلبی هەواڵگێڕەوەی موخەسیرە، لە زانستی(الانساب)پێشڕەوە، بەڵام شیع یە و فەرموودەی وەرنەگیراو جێ متمانە نییە، ئیبن حبان دەڵێت: سبەئیە، لەوانەی دەڵێن عەلی نەمردووە و دەگەڕێتەوە بۆ دنیا، ئەگەر هەورێ ببینن دەڵێن ئەمیری باوەڕدارانی تێدایە، ئەحمەد دەڵێت: تەفسیرەکەی کەلبی درۆیە و درۆ نیە سەیری بکەیت. لە ساڵی ١٤٦ك. مرد.

[8] – موحەممەدی کوڕی نوەیر لە مامۆستاکانی سەیف لە ئوم عوسمان لە ئەبو موکنەفەوە گێڕانەوەی هێناوە. بڕوانە ابن حاتم الحجر و التعدیل ج٨ ص ١١٠

[9] – تەلحەی کوڕی ئەعلەم ئەبولهەپیمی حەنەفی ەلرەی دانیشتووە و وسفیانی شەوری و سەیف فەرموودەیان لێوەرگرتووە، بڕوانە ابن معین: التاریخ ج٢ ص ٢٧٧، ابن ابی حاتم ج٤ ص ٤٨٢

[10] – عەتیەی کوڕی حارپ ئەبو ڕەوقی هەمدانی کوفی لە گێڕەرەوانی کوفەیە.فەرموودەی لە ئەنەس و عکرمە و شەعبی و زوحاك و هی دیکەش گێڕانەوە و ئەحمەد و نەسائی و فەسەوی دەڵێن گرفتی نیە ئیبن موعین دەڵێت چاکە. ئەبو حاتەم دەڵێت زۆر ڕاستگۆیە، نووسینی تەفسیری هەیە

[11] – الطبری: **تاریخ الرسل و الملوك. ج٤ ص ٣٤٨.**

له ماموستاكانی ئەوانیش بریتین له: یەزیدی فەقعەسی تەمیمی ئەسەدی[12] کە چینەکەی ئەوە دەگەیەنێت لە کۆتاییەکانی سەدەی یەکەمدا ژیابێت، چیرۆکی عەبدوڵلای کوڕی سەبەئو بزووتنەوە و هاتوچۆ و پەیوەندیەکانی لەگەڵ ناوچەکان لەوەوە دێنێ، ئەمەش ئەگەر واتایەك ببەخشێ ئەوە دەگەیەنێت کە گێڕانەوەکەی سەیف زۆر لەپێشترە بەوەی لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا.

پاش ئەوەی زانای فەرموودەناس ئیبن کەپیر گێڕانەوەکانی سەیف لەسەر ڕووداوی جەمەل پوختی دەکاتەوە بە گێڕانەوەی سەیف و ماموستاکانی لەسەر فیتنە و دەڵێت(ئەمە پوختەی ئەوەیە کە ئەبو جەعفەری کوڕی جەریر(رضي الله عنه)لە پێشەواکانی ئەوبارەوە– سەیف و ماموستاکانی– دەیهێنێ)[13]

لە نووسینەکانی سەیف بریتیبوون لە: کتێبی(الفتوح الكبير و الرده)[14] کە ناوبانگی دەرکرد تا سەیفی پێ ناسرا. ئیمامی طبري لە باسی هەڵگەڕانەوەی لە ئیسلامدا پشتی بەستووە بەو کتێبە و گێڕانەوەکانی پێش هەموو ئەو گێڕانەوانەی دیکە دەخات کە لەسەر هەڵگەڕانەوە هاتوون.[15]ئیبن نەدیمیش نووسینێکی دیکەی باس دەکات و ناوی ناوه(كتاب الجمل و مسير عائشه و

---

[12] – **لە سەرچاوەکانی بەردەستدا ژیاننامەیم نەدۆزیوەتەوە.**

[13] – **ابن** كثير: **البدايه و النهايه ج٧ ص ٢٤٧.**

[14] – **ابن النديم: الفهرست ص ١٣٧**

[15] – الطبري: ج٣ ص ٢٤٩–٣٤١.

علی)[16] ئەوەش ئەو کتێبەیە کە ئیمامی تەبەری گێڕانەوەکانی سەیفی لەسەر شەڕی جەمەل لێوە هێناوە.[17]

تایبەتمەندی ئەم دانراوە ئەوەیە کە سەیف لە چەند سەرچاوەیەکی نزیکی ڕووداوەکانەوەهەواڵەکانی ئەو شەڕەی هێناوە، ئیمامی تەبەری لە سەنەدەکانیدا ناویان دێنێ. بەوەش چەند وێنەیەکی بنەڕەتی و ڕیشەیی هەواڵی ئەو شەڕە دڵگرانکەرەمان بۆ دەپارێزێ کە سەبەئیەت پشکێکی گەورەی هەبوو لە هەڵگیرساندنی ئاگرەکەیدا. ئیمامی تەبەری لەبارەی هەواڵی ئەو فیتنەی دژ بە عوسمان(رضي الله عنه)بەرپا بوو پشتی بەستووە بە سەیف، لەوانەش هەواڵی ئەو فیتنەی کە ئیبن سەبەء لە بەسرە و کوفە لە ساڵی ٣٣ك/ ٦٥٣ز. بەرپا یکرد. سەیف ئەو هەوالأنەی لە عەتیەی کوڕی حارث لە گەورە گێڕەرەوانی کووفەوە وەرگرتووە.[18]

ڕێگەیەکی دیکەش هەیە کە ئیمامی تەبەری بۆ زانیاری وەرگرتن لە نووسینەکانی سەیفی کوڕی عەمر گرتوویەتیەبەر کە ئەویش ڕێگەی عەبدوڵلای کوڕی سەعدی زوهری بەغدادیە[19] کە لەشاری(سر من رای)دانیشتووە.

---

[16] – ابن الندیم: الفهرست ص ١٣٧.

[17] – الطبری: ج٢ ص ٤٥٥-٥٦٢.

[18] – هەمان سەرچاوە: ج٤ ص ٣٢٦-٣٤٠

[19] – عوبەیدوڵلای کوڕی سەعدی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی زوهری دادوەری ئەسبەهان بووە و بێ گرفت، ساڵی ٢٦٠ك. مردووە.

لە باوکی[20] و یونسی کوڕی موحەممەدەوە گێڕانەوەی وەرگرتووە، چینێکی گەورە جیٚ متمانەکانی وەك بوخاری و ئەبو داود و ترمزی و نەسائی و ئیبن ئەبی عاصم و چەندێکی دی گێڕانەوەیان لێوەرگرتووە.[21] عوبەیدوڵڵا قسەکانی سەیفی کوڕی عومەری لە یەعقوبی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی سەعدی زوهری مامیەوە[22](کە لە بەغداد دانیشتووە و لە گێڕەرەوەکانی سەیفی کوڕی عومەرە)وەرگرتووە، هەروەکلە لیستی ناوی ماموٚستاکانیدا ئەوە دەبینین کە تەنها فەرموودە ناس نەبووە، بەڵکوو لە شارەزایانی مێژوو و فیقهـ و شعریش بووە، ئیمامی تەبەری لە سەیفەوە بەزوٚری ئەم سەنەدەی هێناوە:(سرری لە شوعەیب لە سەیفی کوڕی عومەرەوە بوٚی نوسیم یان سرری لە شوعەیب لە سەیفی کوڕی عومەرەوە بوٚی گێڕامەوە)ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە ئیمامی تەبەری چووەتە لای سرری ماموٚستای و پرسیاری لێکردووە، ئەوەش لە نوسینەکانی سەیفی کوڕی عەمری وەردەگرت.

(لە ڕێگەی شوعەیبەوە)و دەینارد بوٚی. هەروەك ئەوەش دەردەکەوێت نووسینەکانی سەیف لای سرری بوون، ئیمامی تەبەریش لەسەر ئەوە چەند بەشێکی خوێندوەتەوە.

---

[20] – سەعدی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی سەعدی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی عەبدوڕەحمان دادوەری واسگ بوو لە سەردەمی هاروون، دواتر دادوەری سەربازگەی مەهدی بوو لە سەردەمی مەئمون، بیٚ گرفتە، لە ساڵی ٢٠١ ك مردووە.

[21] – ابن حجر: التهذیب **ج٧ ص١٥.**

[22] – یەعقوبی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی سەعدی کوڕی ئیبراهیم نووسەری غەزاکانە. جیٚ متمانەیە. لە ساڵی ٢٠٨ ك. مردووە.

سرری ئەڵقەی پەیوەندی نێوان ئیمامی تەبەری و گێڕانەوەکانی سەیف بووە، ناوی سەیفی کوڕی یەحیای کوڕی سرری تەمیمی کووفی بووە، وەك لە سەنەدەکەی ئیمامی تەبەریدا دەردەکەوێت فەرموودەی لە شوعەیبەوە گێڕاوەتەوە. ئیبن ئەبی حاتەم لەبارەیەوە دەڵێت:(لم یقض لنا السماع منه و کتب الینا بشیء منه و کان صدوقا)**واتە(ویستی خوا وانەبووە شتی لێ ببیستن. ئەو شتێ لە فەرموودەی لای خۆی بۆ نوسیووین، کەسێکی زۆر ڕاستگۆ بووە)**[23] **بە یەکێ لەو کەسانە دادەنرێ کە ئیمامی تەبەری زۆرترین گێڕانەوەی لێ وەرگرتووە بەوەی لە مێژووەکەیدا دوو سەد و چل و هەشت دەقی لێوە گێڕاوەتەوە.**[24]

شوعەیب: ناوی شوعەیبی کوڕی ئیبراهیمی کووفەیە، ئیبن عەددی باسی دەکات و دەڵێت(ناسراو نییە و بڕێ فەرموودە و گێڕانەوەی هەیە، جۆرە ناباشیەکی تێدایە، ئەوەی تێدا هەیە کە دەدات بەسەر سەلەفدا)[25] **زەهەبی لە المیزان دا دەڵێت(گێڕانەوەکانی نووسینەکانی سەیف لە شوعەیبەوە جۆرە نەزانیەکی تێدایە)**[26] **ئیمامی تەبەری لە مێژووەکەیدا لە ڕێگەی سرری**

---

[23] – **ابن ابی حاتم: الجرح و التعدیل ج٤ ص ٢٨٥.**

[24]– **محمد ابو** الفضل: **فهارس من تاریخ** الطبری، **ج١٠ ص ٢٦١.**

[25] – **ابن حجر: لسان المیزان، ج٢ ص ١٤٥.**

[26] – الذهبی: **میزان الاعتدال، ج٢ ص ١٤٥.**

مامۆستایەوە گێڕانەوەی لێوە هێناوە، وەرگرتنەکانی ئیمامی تەبەری لە ڕێگەی ئەوەوە زیاتر لە دوو سەد و پەنجا جار دەبێت.[٢٧]

کۆی گێڕانەوەکانی سەیف لە مێژووەکەی ئیمامی تەبەریدا دوو سەد و شەست و نۆ گێڕانەوەن، لەوانە حەفتا و سێیان لەسەر فیتنەن،[٢٨] ئیمامی تەبەری بەوجۆرە کردوویەتی بە سەرچاوەیەکی گرنگ لە گواستنەوەی هەواڵدا، ئەوەتا زیاتر لە کەسەکانی دی گێڕانەوەی لەسەر ڕووداوەکانی فیتنە لەو وەرگرتووە تا ئەوەی خەریکە تەواو پشتی پێ دەبەستێ.

فەرمووده ناسان لەسەر سەیف قسەیانکردووە، ئەبو حاتەم دەڵێت:(مەترووکە و قسە و گێڕانەوەی هاوشێوەی قسە و گێڕانەوەی واقدیە)[٢٩] ئیبن موعین دەڵێت(لاوازە)[٣٠] نەسائی و دار قوتنی دەڵێن(لاوازە)[٣١]ئیبن حبان دەڵێت(لەسەر چەسپاوەکان شتی هەڵبەستراو دێنێ و بە زەندەقە تۆمەتبار کراوە)[٣٢] بەڵام ئیبن حەجەر بەو تۆمەتە ڕازی نابێ و دەڵێت(ئیبن حبان لە قسەکردن لەسەری خراپەی وتووە).[٣٣]

---

[٢٧] – محمد ابو الفضل: فهارس من تاريخ الطبری، ج١٠ ص ٢٨٤.
[٢٨] – محمد ابو الفضل: فهارس من تاريخ الطبری ج١٠ ص ٢٨٠.
[٢٩] – ابن ابی حاتم: الجرح و التعديل ج٤ ص ٢٧٨.
[٣٠] – ابن معين: التاريخ، ج٢ ص ٢٤٥.
[٣١] – النسائی: كتاب الضعفاء و المتروكين، ص ١٢٣" الدار قطنی: الضعفاء و المتروكين، ص ٢٤٣.
[٣٢] – ابن حبان: المجروحين، ج١ ص ٣٤٤.
[٣٣] – ابن حجر: التقريب، ج١ ص ٣٤٤.

ئێمه نازانین چۆن دروسته ئەو تۆمەتەی بدرێته پاڵ، گێڕانەوەشی سەبارەت بە فیتنە و ڕووداوی نێوان هاوەڵان(رضي الله عنه)زۆر دووره لەوەی کە زەندەقەکان دەیگرنەبەر، چۆن دەکرێت تۆمەتباربکرێت بەوەی زەندەقەیە لەکاتێکدا ئەو ئابڕووبەریەکانی زەندەقەی وەك ئیبن سەبەئی خستووەته ڕوو!!

دەکرێت بڵێین گێڕانەوەکانی سەیف تەواو لەوە بەدوورن کە بخرێنە بەر باسی ئەو تۆمەتە، بەڵکوو خودی ئەوانە بەدووری دەگرن، چونکە هەڵوێستی سەیف لەسەر ئەو تۆمەتە هەڵوێستی پیاوانی سەلەفە لە ڕێزگرتن و پاکدانانی هاوەڵان لە هەر کردارێکی ناشیرین، ئەوەتا کەناری گرتووە لە ئەبو موخەنەف و واقدی و زنجیرەیەکی مێژوویی خستووەتە ڕوو کە تۆمەتبارکردنی هاوەڵانی تێدا نییە، بەڵکوو سووربوونیان لەسەر ئیسلاح و یەکدەنگی نیشان دەدات، ئەوەش ئەو ڕاستییەیە کە دەروون ئارامی پێ دەگرێ و بە ئاڕاستەی گێڕانەوە صەحیحەکانی فەرمووده ناساندا دەچێت.

ئەگەر فەرمووده ناسان لە گێڕانەوە لە کەسە لاوازەکانەوە ئاسانکاری دەنوێنن، ئەگەر گێڕانەوەکانیان پاڵپشتی فەرمووده گەلێکی صەحیحی جێ متمانە بن، ئەوکات گرفت نییە ئەو لایەنەی مێژوو بگرێتەبەر و بکرێ بە پێوەرێ بۆ ڕێکردە و گەڕان بۆ ڕاستییە مێژووییەکان و زانینی ئەو ڕاستیانە، لێرەوە هەواڵی دروست ئەوە پێوەر دەکرێت، چی لەگەڵ ئەودا گونجا وەریدەگرین، هەرچیش لەگەڵی گونجا فڕێی دەدەین.

بێگومان گێڕانەوەی سەیف زیاتر لە هی دی کاندیدە بۆ ئەو واتایانە چونکە لەگەڵ گێڕانەوە صەحیحەکانی کەسە جێ متمانەکاندا گونجاو و یەکانگیرە،

سەرەڕای ئەوەی وەرگیراوە لەو کەسانەی کە بەشدار و ئامادە بوو یان نزیکی ڕووداوەکان بوون.

بۆیە فەرموودە نووسان وەسفی سەیف دەکەن بەوەی لە بواری مێژوودا ئەزموون و شارەزایی هەیە، زەهەبی دەڵێت(هەواڵگێڕەوەیەکی شارەزا بووە)(کان اخباريا عارفا)،[٣٤] ئیبن حەجەر دەڵێت(لە فەرموودەدا لاواز و لە مێژوودا سەرچاوە و بەهێز بووە).[٣٥]

جەواد عەلی قسە لەسەر برۆکلمان دەات- چونکە برۆکلمان سەیفی بەوە تۆمەتبار کردووە کە کاتێ هەواڵەکانی پێدەوترا وردەکاری بۆ نەکردوون و زێدەڕەوی کردووە لە پیاهەڵدانی هۆزەکەی خۆی هۆزی تەمیم – جەواد دەڵێت(ئەوەی برۆکلمان بانگەشەی بۆ دەکات کە تێبینی – ئەو سۆزداریە خێڵەکیەی بەرامبەر تەمیم –کردووە و حەزی لێ کردووە و ناچار بووە بەشێ لە گێڕانەوەکانی نەهێنێ، ئەمە قسەیەکە کە خودی کتێبەکەی تەبەری پشتگیری ناکات، چونکە لە باسی شەڕی جەمەلدا دەبینیت گێڕانەوەکانی لەنێو گێڕانەوەکاندا دیار و بەرچاون. پاشان نوسخەی ئەسڵی – مێژووی تەبەری – هێشتا لەبەر دەست نییە، دەی برۆکلمان چۆن زانی تەبەری گێڕانەوە گەلێکی سەیفی لە بەرز ڕاگرتنی هۆزی تەمیمیدا لابردووە)[٣٦] لە ڕاستیدا ئەو بانگەشەی دەڵێت سەیف دەمارگیری بۆ هۆزەکەی هەبووە بار و هەڵوێستی بەنو تەمیم لە

---

[٣٤] – الذهبی: المیزان، ج٢ ص ٢٥٥.

[٣٥] - ابن حجر: التقریب، ج١ ص ٣٤٤.

[٣٦] - جواد علی: موارد تاریخ الطبری، مجلة المجمع العلمی العراقی، المجلد الثالث،(١٣٧٤ك/ ١٩٥٤ز)

پرسی فیتنەدا بەرپەرچی دەداتەوە – چونکە شتێکی بەرچاوە بەنو تەمیم لەوانە بوون کە لەگەڵ ئەحنەفی کوڕی قەیسی گەورەیان لە ڕۆژی شەڕی جەمەل[٣٧] کەناریان گرت– پاشان گێڕانەوەی سەیف بۆ فیتنە لە ناخ و کرۆك وردەکاری خۆیدا سەرچاوەیەکی بێلایەن و شارەزاش لەیەك کاتدا پێکدەهێنێ.

لە مێژووی ئیمامی تەبەریدا گێڕانەوەی سەیفی کوڕی عومەر بۆ فیتنەی سەردەمی عوسمان(رضي الله عنه)و شەڕی جەمەل بە تەواوەتی لە چەند بەشێکی جیاجیادا دەردەکەوێت کە لە نێوەندی هەر بەشێکدا سەنەدی گێڕەرەوەکانی تەواوە. یەکێ لە لێکۆڵەران– ئەحمەد راتب عرموش – هەستاوە بە کۆکردنەوە و ڕێکخستنیان لە کتێبێکدا کە ناوی ناوە(الفتنة وقعة الجمل)[٣٨]کە ژمارەی لاپەڕەکانی نزیکەی دووسەد و حەوت لاپەڕەیە، ئەو ژمارە زۆرەی گێڕانەوانە بەڵگەی ئەوەیە سەیفی کوڕی عومەر لای ئیمامی تەبەری لە کەسەکانی دی جێ متمانەتر بوو.

دووەم: موحەممەدی کوڕی عومەری واقیدی

سەرچاوەی دووەم واقیدیە، ناوی موحەممەدی کوڕی عومەری واقیدی مەدەنی دادوەرەکە لە ساڵی ٢٠٧ك/ ٨٢٢ز. مردووە، چەندین دانراوی هەیە خەتیب لە بارەیەوە دەڵێت: ئەو لەوانەیە کەە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای جیهاندا باس دەکرێت، بە کتێبەکانی بوو بە سوارچاکی مەیدانی هونەرەکانی زانست

---

[٣٧] - الطبري: تاريخ الرسل و الملوك،(ج٤ ص ٤٩٨، ٥٠٠-٥٠١)

[٣٨] – لە بەیروت لە(دار النفائس)لە ساڵی ١٣٩١ك/ ١٩٧٢ز. چاپکراوە.

وەك غەزاكان و ژياننامە و الطبقات و فيقهيش. ئەو كەسێكی بەخشندە بوو و بەوە ناسرابوو.[٣٩]

واقيدی بە يەكێ لە تێگەيشتوانی زانست دادەنرێت،[٤٠] بەڵام تۆمەتبار كراوە و وەلانراوە سەرەڕای فراوانی زانستەكەی.[٤١] ئەو لە زانايانی غەزا و ژياننامە و فتوحاتەكانە. چەندين نووسينی هەيە، دوای مردنی كۆگايەكی گەورەی بەجێهێشتووە. يەعقوبی كوڕی شەيبە دەڵێت:[٤٢](كاتێ واقيدی لە بەرەی ڕۆژئاواييەوە – لە بەغداد گواستيەوە دەڵێن كتێبەكانی بە سەد و بيست بار گواستەوە، يان دەڵێن: شەش سەد كۆڵ كتێبی هەبووە).

واقيدی چەند باسێكی گرنگی ناو مێژووی هێناوە و لەسەر فتوحات و ڕووداوەكانی سەردەمی ئيسلام وەك ڕووداوی سەقيفە و هەڵگەڕانەوە و شەڕی جەمەل و صيفين و خەواريج و فتوحات كتێبی نووسيوە. زۆربەی ئەو كتێبانە فەوتان مەگەر هەندێ لەوانە كە لە مێژووەكەی ئيمامی تەبەری و نووسينەكانی ديكەدا شتێكيان لێ هاتبێت.

ئيبن نەديم باسی نزيكەی سی(٣٠)نووسينی دەكات. لەوانە(التاريخ الكبير)و(المغارى)و(الردة)و(الجمل(و(صفين)و(الطبات)و(فتوح الشام)و(فتوح

---

[٣٩] - الخطيب:تاريخ بغداد،ج٣ ص٣
[٤٠] - الذهبى: الميزان،ج٣ ص ٦٢٢.
[٤١] - ابن حجر: التقريب،ج٢ ص١٩٤.
[٤٢] – يەعقوبی كوڕی شەيبەی كوڕی صەلتی كوڕی عصفوری سدوسی ئەبو يوسفە، فەرموودەناسی جێ متمانە و فيقهناسی سەر بە مەزهەبی ماليك بووە،(المسند الكبير المعلل)ی ئەوە، لە ساڵی ٢٦٢ك، ٨٧٥ ز.مردوە.

العراق)و(مقتل و الحسين)و(تصنيف القبائل و مراتبها و انسابها)و **جگه لەوانەش.**[٤٣]

واقیدی گرنگی داوە بە ڕێکخستنی مێژوویی بۆ ڕووداو و غەزاکان، هەروەك گرنگی داوە بە باسکردنی ئەو کەسانەی لە شەڕدا بە بەخشین یان ڕاویژ و ڕا یان هەڵوێستێکی پاڵەوانانە پشکی دیاریکراویان هەبووە، باسی دیلەکان و شەهیدانی موسڵمانان و کوژراوانی بێباوەڕان دەکات و بە پێی هۆزەکانیان ڕیزبەندییان دەکات. هەروەك هەرچی موسڵمانێ لە بەدردا بەشداری کردبێ لەبەر نیشاندانی جێدەستیان باسی هەموویان دێنێ.[٤٤]

هەروەك گرنگیدانی بە دیاریکردنی شوێن و پێگە جوگرافیەکان دەردەکەوێت تا ئەوەی خۆی لەسەری دەوەستا.

خەتیب لە باسی ژیانیدا لێوەی دەگێڕێتەوە و وتویەتی: بەهەرکەسێ لە نەوەی هاوەن و شەهیدان و بەهەر مەولایەکیان گەیشتبم پرسیارم لێکردووە ئایا هیچت لەکەس و ماڵت بیستووە کە لەسەر شەڕەکەی قسەی بۆ کردبیت و هەروەها لە کوێ کوژراوە، ئەگەر پێی وتبم چووم بۆ شوێنەکە تا لێی بڕوانم.[٤٥]

---

[٤٣] – **ابن الندیم، ص ١٤٤.**

[٤٤] - الواقدی: المغازی، **بڕوانە بەشی یەکەم.**

[٤٥] - **بە وەرگرتن لە** الخطیب: تاریخ بغداد، ج٣ ص ٦.

بۆیه واقیدی به جیا لەوانی دی زۆرتر وەسفی شەڕەکان دەکات و لە باسی ڕووداوە لابەلاکان دا تەنها زانیاری لای ئەو بەدی دەکرێت. لەوانەیە هەر ئەم بوو بێت کە زەهەبی لە وەسفیدا دەڵێت(لوتکەی غەزا و ژیاننامەکانە).[٤٦]

سەبارەت بە متمانە بەخشین واقیدی: زانایانی جەرح و تەعدیل چەندین قسەیان لەسەر دادپەروەری ئەو هێناوە، زۆرینەیان ڕەخنەی لیٚ دەگرن و هەندێکیش بە جیٚ متمانەی دەزانن، ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە بارەیەوە دەڵێت:(درۆزنە و فەرموودە هەڵدەگێڕێتەوە)ئیبن موعین دەڵێت(فەرموودەی نانوسرێتەوە)موررە دەڵێت(هیچ نییە)[٤٧]بوخاری و ئەبو حاتەم دەڵێن(وەلا نراوە – متروك)[٤٨] نەسائیش هەمان ڕای هەیە.[٤٩] دارقوتنی دەڵێت(لاوازیەکی تێدایە)[٥٠] ئیبن عەددی دەڵێت:(فەرموودەکانی پارێزراو و لەبەرکراو نین و بەلاٚیش لەوەوەیە)ئیبن مەدینی دەڵێت[٥١]:(جێی گێڕانەوە نییە و ئیبراهیمی کوڕی ئەبو یەحیا درۆزنە و لای من ئەو لە وایدی باشترە).[٥٢] ئەبو زەرعە

---

[٤٦] - الذهبی: التذکرة، ج١ ص ٣٤٨،
[٤٧] - ابن معین: التاریخ، ج٢ ص ٥٣٢.
[٤٨] - البخاری: تاریخ الکبیر(٧٧/١/١)، ابن ابی حاتم: الجرح و التعدیل ج٨ ص ٢٠.
[٤٩] - النسائی: کتاب الضعفاء و المتروکین، ص ٢١٧.
[٥٠] - الدار قطنی: الضعفاء، ص ٣٤٧.
[٥١] – **عەلی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی جەعفەری سەعدی مەدینی بەسری مێژوونوسی فەرموودە ناس لە گەورە فەرموودە ناسانی سەردەمی خۆیەتی، لە نوسینەکانی(الاسامی و الکنی)و(الطبقات)و(الضعفاء)و(علل المسند)و..هتد. لە ساڵی ٢٣٤ ك. مرد**
[٥٢] - ابن حجر: التذهیب، ج٩ ص ٣٦٧.

دەڵێت:(فەرمووودەی بۆ ئیعتیبار دەنوسرێتەوە).[٥٣] ئەبو نەعیمی ئەسبەهانی دەڵێت:(وەلا نراوە).[٥٤]موسعەبی زوبەیری دەڵێت[٥٥]:(جێی متمانە نییە)،[٥٦] ئیبن سەعد دەڵێت(شارەزای غەزاکان و ژیاننامە و فتوحات و ناکۆکی و کۆبوونەوەی خەڵکی لەسەر فەرمووده و ئەحکامە).[٥٧]

زەهەبی دەڵێت(زانیاری کۆکردەوە و لێی تێگەیشت و پاك و پیسی تێکەڵ کرد، بۆیە فڕێیان داوە، لەگەڵ ئەمەشدا لە باسی غەزاکان و ڕۆژانی ژیانی هاوەڵان و زانیاری لەسەر ژیانیان ناکرێت بیٚ باکی لە ڕوودا بنوێنرێت)[٥٨]، پاشان لە کۆتایی ژیاننامەیدا دەڵێت:(بڕیار درا بەوەی واقیدی لاوازە و لە باسی غەزاکان و مێژوودا پێویستی پێی هەبێت، ئەپەرەکانی بەبیٚ پێویستی دەهێنرێت. بەڵام سەبارەت بە فەرزەکان نابێت باس بکرێت، ئەوە لەبەر دەستدا کتێبەکانی سوننەت و موسنەدی ەئحمەد و ئەوانی دی لە کۆکردنەوەی ئەحکامدا هەن کە لە تەخریجی فەرمووودەکاندا مۆڵەت بە کەسانێکی لاواز و وەلانراو دەدەن لەگەڵ ەئوەشدا شتیٚ لە قسەی موحەممەدی کوڕی عومەر ناهێنن، سەرەڕای ئەوەی کێشی لەلای من ئەوەیە لەگەڵ لاوازیەکەیدا فەرمووودەی دەنوسرێت و

---

[٥٣] - ابن ابی حاتم: الجرح و التعدیل، ج٨ ص ٢١.

[٥٤] – **ابو نعیم: کتاب** الضعفاء، **ص ١٤٦**

[٥٥] – **موصعەبی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی موصعەبی کوڕی پابتی زوبەیری ئەسەدی مەدەنی لە هەمووان زیاتر شارەزای(الانساب)بوو. ئیبن موعین و دار قوتنی بە جیٚ متمانەی دەزانن لە ساڵی ٣٢٦ ك. مرد.**

[٥٦] - ابن حجر: التذهیب: ج٩ ص ٣٦٦.

[٥٧] - **هەمان سەرچاوە،** ج٩ ص ٣٦٥.

[٥٨] - الذهبی: سیر الاعلام النبلاء، ج٩ ص ٤٥٤.

دەگێڕدرێتەوە. چونکە من تۆمەتباری ناکەم بە فەرمووده هەڵبەستن قسەی ئەوەش کە زۆر لەسەری دەخوێنێت سەرکێشییە لە چەند لایەکەوە، هەروەك هیچ پەندیٚ نییە بە متمانە بەخشین ئەوەی متمانەی پیٚ بەخشیوە، چونکە ئیجماعی ئەمڕۆ لەسەر ئەوەیە کە ئەو بەڵگەی نییە و فەرموودەی لە ڕیزی(الواهی)دایە.[٥٩]

ئیبن سەیدونناس[٦٠] پاش وەرگرتنی قسە لەەسر دادپەروەری واقیدی لە پێشەکی کتێبەکەیدا(عیون الاثر)دەڵێت:(فراوانی زانست گومانخوازی زۆری شتی نامۆیە، زۆری نامۆش گومانخوازی تۆمەتە، واقیدیش لە فراوانی زانستدا قسەی لەسەر نییە، بۆیە نامۆیی زۆری لەلایە.... لەوەوە شت گەلێکمان گێڕاوەتەوە لە بەدواداچوونی شوێنەواری ڕووداوەکان و پرسیارکردنی لە کوڕانی هاوەڵان و شەهیدان لەسەر باری پێشینەیان بەمە گێڕانەوە و هەواڵ گەلێکی زۆری هێناوە کە تەنها لای ئەو هەن).[٦١]

واقیدی لە بەکار هێنانی سەرچاوەکانیدا بەزۆری دەقی(بلغنی)[٦٢]یان(حدثنی من اثق به)(کەسیٚ کە متمانەم پێی هەیە پێی وتم).[٦٣] دێنێت، بەبیٚ ئەوەی بە

---

[٥٩] – هەمان سەرچاوە، ج٩ ص ٤٦٩.

[٦٠] – محەممەدی کوڕی موحەممەدی کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەحمەدە، ئیبن سیدونناسی یەئموری ڕەبعی میسری ئەبو لفەتح: فەرموودە ناسی مێژووناس و ئەدیب. چەند کتێبێکی هەیە، لەوانە(عیون الاپرپی فنون المغازی و الشمائل و السیر)،(تعصیل الاصابە فی تفیضل السعابە)، ساڵی ٧٣٤ك. ١٣٣٤ز. مرد

[٦١] – ئیبن سەیدونناس: عیون الاثر، ج١ ص ٢٦ – ٢٧

[٦٢] – الواقدی: فتوح الشام ، ص١٤ – ١٨.

ڕوونـی نـاوی گێـڕەرەوە بهێنێـت، ئەمــەش بـیٚ ئاگـا کردنـیٚ لـە سەرچـاوەی گێڕانەوەکەی تێدایە. لە سەروو ئەمەشەوە باسی سەنەدەکانی سەرچاوەکانی بەشـێوەیەکی کۆمـەڵ دەکـات.[64] جـا لـەبری ئـەوەی پـێش هەواڵـەکان یـەك یـەك سـەنەدەکان بهێنێـت سـەنەدەکانی کتێبـەکانیان سەرچـاوە بـەکارهێنراوەکان لـە سـەرەتای هـەر بەشـێکەوە دەهێنێـت، تـا ئـەوەی ناتوانێـت ئـەو وەرگرتنانـەی لـە سەرچاوە جیاجیاکەنەوە وەریگرتووە جیا کاتەوە.

ئــەوەی لـــە قســـەی ڕەخنـــەگران لـــە واقیدیـــەوە دەردەکـــەوێت ئەوەیـــە گێڕانــەوەکانی لەســەر مێــژوو ژیاننامــە وەردەگرێــت ئەگــەر لەگــەڵ گێڕانــەوە صەحیحەکاندا پێچەوانە نـەبێت، چونکە ئەگەرقسـەیەکی بەتـەنها هێنـا ئـەوکات قســەی بەڵگــە نییــە، جــا ئەگــەر کەســی لــەو جــیٚ متمانــەتر شــتی هێنــا ئــەوا وەردەگیرێت.

ئیبن نەدیم – کە لە رافیزەکانـە– دەڵێـت واقیـدا شـیعە بـووە مەزهـەبی باشـی گرتووەتەبــەر – واتــە مەزهــەبی رافیــزە– پەیوەســتی تەقیــە بــووە،[65] هــەروەك خوانساری و شیعەکانی دیکەش لە کتێبەکانیاندا ژیاننامەی دەهێنن.[66]

بەڵام قسەی ئەوانە بەڵگەمان پـیٚ نابەخشـن. بەڵگەیـەکی بەرچـاویان لەسـەر شـیعە بـوونی واقیـدی نییـە. چـونکە سروشـتی ڕافیزەکـان درۆکردنـە و فێـرن

---

[63] – هەمان سەرچاوە ١٦٣

[64] – هەمان سەرچاوە ص ٥.

[65] – ابن الندیم: الفهرست، ١١١

[66] – روضات الجنان، ج٧ ص ٢٦٨.

هەندێ لە گەورە زانا دیارەكان بدەنە پاڵ خۆیان لە پێناو زۆر دیاربونیان و بانگەشە كردن بۆ مەزهەبەكەیان، كتێبێك هەیە بە ناونیشانی(فلاسفة الشیعة)كە یەكێ لە شیعەكانی بەناوی شێخ نەعیمە نووسیویەتی تیایدا زۆرێك لە زانایان دێنێ و دەیانداتەوە پاڵ شیعە.

هێندەی من ئاگادار بم هیچ لە زانایانی ئەهلی سوننە- لەوانەی ڕەخنەیان لێگرتووە – بەهۆی بیدعە یان شیعەبوون تۆمەتباری ناكەن، بەڵكوو لەبەر لاوازی لە فەرموودەدا وەلایان ناوە، ئیمامی تەبەری لە باسی ژیان و غەزاكان و فتوحات و مێژووی خیلافەتدا سوودی لە نووسینەكانی واقیدی وەرگرتووە(٨١٦)گێڕانەوەی لێ هێناوە، لەوانە(٤٣)دانەیان لەسەر فیتنەن. جا لەباسی قسەی تەبەری لەسەر فیتنەو سەردەمی عوسمانرضي الله عنه...ئەو سەرچاوەی كە لای بەلادا كردووەتەوە گێڕانەوەكانی واقیدین.

كە سەرەڕای ئەوەی ڕەخنە لە گێڕانەوەی دەگرێت و دەڵێت وازی لە زۆرێكی هێناوە(واقیدی لە باسی هۆكاری چوونی میسریەكان بۆلای عوسمان و دابەزینیان چەند شتێكی گوماناوی دێنێت لەوانە شتێ لەوەی كە پێشتر باسی كرا، یان لەوەی كە لەبەر دڕندەییەكەی نەم هێناوە).[٦٧]

---

[٦٧] – الطبری: **تاریخ الرسل و الملوك، ج٤ ص ٣٥٦.**

ماموٚستاكانى واقيدى

موحەممەدى كوڕى صاڵحى كوڕى دينارى مەدەنى تەممار[٦٨] كەوا ئەڵەقى پەيوەندى نێوان واقيدى و عاصمى كوڕى عومەرى كوڕى قەتادى زوفەرى[٦٩] خاوەنى نووسى لەسەر غەزاكان دادەنێت، واقيدى لەو ڕێگەوە قسەى لە عاصمەوە هێناوە، ئەم كەسەى دوايين لاى ئيمامى تەبەرى پێگەيەكى بێ گرفتى داگير كردووە، ئەوەتا لە باسى ڕووداوەكانى ساڵى(٣٥ك، ٦٥٥ز)دا لە باسى قسەكردن لەسەر فيتنە و ئاشووبى سەردەمى عوسمان:(باسى هاتووە)[٧٠]

لەو گێڕانەوانەى كە ئيمامى تەبەرى لە واقيدى لە موحەممەدى كوڕى صاڵحەوە هێناويەتى و موحەممەد لەسر ڕۆژانى عومەر و عوسمان و فيتنەى

---

٦٨ – موحەممەدى كوڕى صالى كوڕى دينارى تەمار ئەبو عەبدوڵلاى مەدەنى، فەرموودەى گێڕاوەتەوە لە عومەرى كوڕى عەبدولعەزيزى موحەممەدى كوڕى مونكەدر و زوهرى جگە لەوانيش، ئەحمەد و ئەو داود و عەجلى جێ متمانە و ئيبن سەعد بە بير و هۆش چاك ناوى دەبا. لە ساڵى ١٦٨ ك، ٧٨٤ ز. مرد

٦٩ – عاصمى كوڕى عومەرى كوڕى قەتادەى كوڕى نوعمانى زوفەرى ئەنسارى مەدەنى ئەبو عومەر يەكێكە لە زانايانى تابعين، كە ڕەخنەگران هەموو بە جێ متمانە و گەورە و شارەزا بە غەزاكانى دەزانن، عومەرى كوڕى عەبدولعەزيز فەرمانى پێ كرد لە مزگەوتى ديمەشق دا بنيشێ و باسى غەزاكان و پلەو پايەى هاوەڵان بكات بۆ خەڵك، ئەويش واى كرد كەسێكى جێ متمانە و زانابون، فەرموودەى زۆرە.لە ساڵى ١٢٦ك، ٧٤٣ز. مرد

٧٠ ـ الطبرى: التاريخ الرسل و الملوك ج٤ ص ٣٥٩.

وسردەمی عوسمان هێنانی ئەوە دەردەکەوێت کە ئەو خاوەنی نوسینە لەسەر مێژووی خەلیفە ڕاشیدینەکان و زۆر گرنگە و واقیدیش پشتی پێ بەستووە.[71]

سێیەم: عومەری کوڕی شوببەی نومەیری

سەرچاوەی سێیەم ئەبو زەید عومەری کوڕی شوببەی نومەیری بەسری فەرموودەناسی گێڕەرەوەی جێ متمانەیە کە لەساڵی ٢٦٢ك/ ٨٧٥ز. دا مرد.

ئەوانەی ژیانیان نووسیوە باسیانکردووە کە زمان ڕاست بووە، گێڕانەوەی نەهێناوەتەناو شارەزای ئەپەرەکان و گێڕەرەوەی هەواڵەکان بووە، ئەدیب و فیقهناس و خاوەنی وچند دانراوێکە، شارەزای خوێندنەوەکانی قورئان و بەرچاو ڕوون بە ژیاننامە و غەزاکان و مێژووی خەڵکە.[72]

ئیبن ئەبی حاتەم لە بارەیەوە دەڵێت:(لەگەڵ باوکم شتم لێوە نووسیوە، ئەو کەسێکی زۆر ڕاستگۆ و خاوەن زمانی عەرەبی و ئەدەبە)[73] **دار قوتنی دەڵێت(جێ متمانەیە)**[74] **ئیبن حبان لە جێ متمانەکاندا ناوی دێنێ و دەڵێت(فەرموودەی ڕاستە، خاوەنی ئەدەب و شیعر و هەواڵە و شارەزای**

---

[71] – **جواد علی: موارد تاريخ** الطبرى، **العدد** الثالث(١٣٧٤ هـ، ١٩٥٤م)ص ٥٦.

[72] – **ئیبن الندیم: الفهرست**، ص١٦٣.

[73] - ابن ابی حاتم: الجرح و التعديل ج٦ ص ١١٦ .

[74] - ابن حجر، التهذيب ج٧ ص ٤٦٠ .

مێژووی خەڵکە)٤[٧٥] خەتیب دەڵێت(جیٚ متمانە و شارەزا بە ژیاننامە و مێژووی خەڵکە و چەندین دانراوی هەن).[٧٦]

ئیبن شوببە فەرموودەی لە چەند زانایەکی جیٚ متمانەی سەردەمی خۆی بیستووە و گێڕاوەتەوە، ئە مامۆستایانەی لەوکاتەدا بەشەکانی مەعریفەیان دەگرتەخۆ وەك ئیبن مەهدی و قوتتان لە فەرموودە و ئەصمەعی لە ئەدەب و مەدائینی لە مێژوودا، هەروەك ژمارەیەکی زۆری زانایان فەرموودەیان لێگێڕاوەتەوە وەك ئیبن ماجە و پەعلەبی نەحوی ناسراو و بەلازەی و ئیبن ئەبی دنیا و بەغەوی خاوەنی(الصحیح)و چەندێکی دیکەش.[٧٧]

عومەری کوڕی شوببە لە چەندین بواری مەعریفەدا چەندین نووسینی بەجێهێشتووە بەجۆریٚ ئیبن نەدیم نزیکەی سەروو بیست دانراوی دێنیٚ. لەوانە ئەوەی پەیوەندی هەیە بە ڕووداوەکانی فیتنەوە(مقتل عثمان)و(اخبار الکوفة)و(اخبار البصرة)[٧٨] ئیبن حەجەریش لەو کتێبەی ئیبن شوببە لەسەر بەسرە دەقێکی دوورو درێژی بۆ(فتح الباری)ەکەی وەرگرتووە کاتیٚ دەڵێت(عومەری کوڕی شوببە لە کتێبی(اخبار الکوفة)دا بە دوور و درێژی چیرۆکی جەمەلی هێناوە و منیش لێرەدا کورت و پوختی دەکەمەوە بەوجۆرەی بە سەنەدی صەحیح یان حەسەن هێنایەتی جگە لەوەش ڕوون دەکەمەوە)[٧٩]

---

[٧٥] - ابن حبان: الثقات ج٨ ص ٤٤٦.
[٧٦] - الخطیب: تاریخ بغداد ج١١ ص ٢٠٨.
[٧٧] - ابن حجر: التهذیب ج٧ ص ٤٦٠.
[٧٨] - ابن الندیم: الفهرست ص ١٦٣.
[٧٩] - ابن حجر: فتح الباری، ج١٣ ص ٥٤.

ئەمڕۆ نوسینەکان ئیبن شوببە لەبەر دەست نین جگە لە کتێبی(المدينة)کە ئێستا بە ناونیشانی(تارخ المدينة)چاپکراوە.[٨٠]

بەشـــی ســێیەمی بــۆ ژیــانی ئــەمیری بــاوەڕداران عوسمــانی کــوڕی عەففان(رضي الله عنه)لیٚ وەردەگرێت کە بە تایبەت مەبەستی ئەوەیە خەڵکی لەسەر یەك نوسخەی قورئان و هۆکارەکانی ئەوە کۆکردوەتەوە چۆن قورئانی نوسیەوە و چۆن هەندیٚ جۆری ڕابواردن چووە ناو ژیانی کۆمەڵگەی مەدەنی و باسی دژایەتی ئەمیری باوەڕداران بۆ یاری(النرد)((مار و پەیژە)(قوس البندق)و کۆترە فڕیٚ دەکات.

پاشـان بـە فراوانـی ڕووداوەکـان دێـنیٚ و ئـەوەی لەسـر هەڵوێسـتی هـاوەڵان گێڕدراوەتەوە و دەیهێنیٚ.

پاشان ئەو کۆتاییە دڵگرانەی کە ئەمیری باوەڕداران تووشی بوو بەرگریکار و دوژمنیشی هەبووە لەوێوە دەرگاکانی خراپە بەڕووی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا کرانەوە.

لەوانەیە دەقێکی کۆنمان نەبیٚ کە بەشێوەیەی بەرفراوان و وردەکاری وەك هـی ئـبن شـوببەه چارەسـەری ژیـانی عوسمـان(رضي الله عنه)و کۆمەڵگـەی مـەدەنی و ڕووداوەکانی فیتنەی کردبیٚ. مەگەر مێژووی دیمەشقی ئیبن عەساکیر کە وای لیٚ دەکات گرنگترین دەقە ئەصلیەکانی بەردەستمان بێت.

---

[٨٠] – چوار بەشە و(فهم محمد شلتوت)تەحقیقی کردووە و(دار الاصفهانی)لە جەددە لە ساڵی ١٣٩٣ك/ ١٩٧٣ز. چاپی کردووە.

ڕێبازی نووسینەوەی ئیبن شوببەھ لە کتێبی(تاریخ المدینـة)دا ئەوەیە: ھەواڵەکان بە شسەنەد و بەشێوەی کاری فەرموودەناسان دێنێ و سەنەدەکان کۆدەکاتەوە وەك پیشینەکانی وەك ئیبن ئیسحاق و واقیدی و جگە لەوان، بەڵام ھەموو سەنەدەکانی(موص ول)گەیشتوو نین. ھەیانە سەنەدی موصول[81] و ھەیانە مونقەتیع[82]ھەیانە موعەلەقە[83]

ھەروەھا سەرچاوەکانی و کەسەکانی و لەجێ متمانە بووندا لە یەك ئاستدا نین، ھەیانە وەرگیراو ھەیانە بەرپەرچەدراوەیە. بۆ نموونە ھەواڵ دەداتەوە پاڵ کەسی نادیار و دەڵێت(ئەبو غەسان وتی ھەندێك لە مامۆستاکانمان بۆیان گێڕاینەوە...)[84](ئەسمەعی لەوەیدا کە لە کەسی داوە کە متمانەم پێیەتی لێوەی گێڕاوەتەوە...)[85](موحەممەدی کوڕی یەحیا– ئەبو غەسان – وتی کەسێك کە متمانەمان پێیەتی بۆی گێڕاینەوە)[86](کەسێکی قوڕەیش ھەواڵی پێدام)[87]

ئەوەی جێی ئاماژەیە ئەوەیە ئیبن شوببەھ لە گێڕانەوەدا مودەلەس نیە، دەبینی لە کەسێکەوە کە بەرزی و نزمی لە سەنەدەکەیە گێڕانەوە دێنێ. بۆ نمونە کاتێ لە ئەبو غەسانی کینانی مامۆستایەوە گێڕانەوە دێنێ جارێ دەڵێ(

---

[81] – تاریخ المدینە ج٣ ص ٩٠٧

[82] – ھەمان سەرچاوە ج٢ ص ٧٦٣.

[83] – ھەمان سەرچاوە ج١ ص ١٧٦.

[84] – ھەمان سەرچاوە، ج١ ص ٦٢.

[85] – ھەمان سەرچاوە ج١ ص ٢٩١.

[86] – ھەمان سەرچاوە ج١ ص ١٦.

[87] – ھەمان سەرچاوە ج٢ ص ٧٦٣

حدثنا **ابو غسان)يان(**حدثنا **محمد ابن يحيا)**[88]**و جاریَ دەڵێت(قال ابو غسان)**[89]
جاریش هەیە دەڵێت(حدثنا **عن ابو غسان)**[90]**لە شوێنی دیکەشدا دەڵێت(ومما وجدت فی کتاب ابی غسان)**[91]

ابن شوببەھ لە(تاریخ المدینە)کەیدا ڕێبازی ئەو فەرمودەناسانەی نەگرتووتەبەر کە مێژووی شارەزاکانیان هێناوە و باسی ژیانی زانایانی و هاتووان بۆ ئەو شارە دەکەن وەك ئەوەی حاکم لە(تاریخ نیسابور)و خەتیب لە(تاریخ بغداد)و ئیبن عەساکیر لە(تاریخ دیمشق)دا کردی.

بەڵکوو مێژوویەکی بنیادی و ڕامیاری بۆ مێژوو هێناوە، گرنگی ئەو زانیاریانەی لەسەرمەشخەڵەکانی مەدینە و ڕێ و بان و کێڵگە و شوێنی هۆزەکانی هێناویەتی و تۆمارە ڕووداوەکانی پێشینەترین دەقی ئەو بوارەیە.

ئیمامی تەبەری زۆریَ لە گێڕانەوەکانی ئیبن شوببە و نووسینەکانیشی دێنیَ لەوەی پەیوەستە بە هەواڵی مەدینەوە وەك ڕووداوەکانی فیتنە لە خیلافەتی عوسماندا(رخ)یان ئەوەی پەیوەستە بە هەواڵی عێراق وەك دەرچوونی تەلحە و زوبەیر و عائشە(رضي **الله عنها)بۆ بەسرە و شەڕی جەمەل و ڕووداوی دیکەش.**

---

[88] **– هەمان سەرچاوە ج١ ص ٦١ – ٧٩.**
[89] **– هەمان سەرچاوە ، ج١ ص ١٢٩.**
[90] **– هەمان سەرچاوە ، ج١ ص ٦١.**
[91] **– هەمان سەرچاوە ج٢ ص ٦٨٨.**

ئەم گرنگیدانەش لەبەرئەوەیە ئیبن شوببە تایبەتمەندیەکی هەبووە سەبارەت بە مێژووی مەدینە و بەسرە بەوەی دوو کتێبەکەی(اخبار المدینة)(اخبار البصرة)بە بنەڕەتی پتەوی مێژووی سەرەتای ئیسلامی دادەنرێت، ئیمامی زەهەبییش لەو بارەیەوە دەڵێت(ئیبن شوببە مێژوویەکی گەورەی بۆ مێژوو نووسیوە و کتێبی لەسەر هەواڵ و مێژووی مەدینە کە من نیوەیم دیوە پێشەوایەتیەکەی دێنێ)١.[92]

ئەبو زەیدی کوڕی شوببە لە مامۆستاکانی ئیمامی تەبەری بووە، وا دیارە لێی بیستووە و مۆڵەتی لا وەرگرتووە و نوسینیشی لەسەر نەریتی مامۆستایانی ئەوکات لە مۆڵەتدا بە خوێندکارەکانیان بۆ گێڕانەوە لێیان دێتە بەرچاو ئەگەر توانای زانستیان دەرکەوت. ژمارەی گێڕانەوەکانی تەبەری لە مێژووەکەیدا لە ئیبن شوببەوە دەگاتە سەد و شەست و نۆ پارچە، سی(٣٠)دانەیان لەەسر مەسەلەی فیتنەن.[93]

چوارەم: ئەبو موخەنەف لووطی کوڕی یەحیا

چوارەم سەرچاوەی سەرەکی لەسەر فیتنە لە مێژووەکەی ئیمامی تەبەریدا لووگی کوڕی یەحیای ناسراو بە ئەبی موخەنەف کە لە پێش ساڵی ١٧٠ك/٧٨٦ز. مردووە. چەندین نووسینی لەسەر ڕووداوەکانی ناو دەوڵەتی ئیسلامی

---

[92] - الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١٢ص٣٧١.
[93] - محمد أبوالفضل، ج١٠ص٣٤٨.

هەیە، ئەحمەدی کوڕی حارپی خەززار دەڵێت: زانایان دەڵێن: ئەبو موخەنەف لە خەڵکانی دی زیاتریشی هەیە لەسر عێراق و هەواڵ و فتوحاتی، مەدائینیش شارەزای خوراسان و هیند و فارس و واقیدی شارەزای حیجاز و ژیاننامەیە و هەموو لە فتوحاتی شامدا هاوبەشن).[94]

ئیبن قوتەیبە لە بارەیەوە دەڵێت(خاوەنی هەواڵ و باسی ڕەچەڵەکە و زیاتر هەواڵ(مێژووی)لایە)[95] ئەبو موخەنەف بۆ ڕووداوەکانی عێراق زیاترین گێڕانەوەی هەیە بەتایبەت کووفە، چونکە بنکەی شیعەگەری بووە، بۆیە گرنگیداوە بە بابەتەکانی خەواریج و شۆڕشە شیعیەکان و شۆڕشەکانی عێراق بە گشتی، زۆربەی جار گێڕانەوەی کووفی دێنێ، چونکە رای خەڵکی عێراقی لە رای خەڵکی شام لە لا پەسەندتر بووە، ئەو هەواداری عەلەویەکان و دژ بە ئومەویەکان بوو، بۆیە شیعە ئەبوو موخنەف بە کەورە مێژوونووسی خۆیان دەزانن تا ئەوەی یەکێکیان لە بارەیەوە دەڵێت:(ئەبوو موخنەف لە گەورە مێژوونووسە شیعەکانە، سەرەرای بە ئاشکرا شیعە بوونی کەچی زانایانی سوننەش شتیان لێ وەرگرتووە وەك تەبەری و ئیبن ئەثیر).[96]بەڵام شت وەرگرتنی سوننە لێی واتای پشت بەستنیان پێی نیە.

ئیبن نەدیم لیستێکی کتێبەکانی دێنێ کە نزیکەی پەنجا کتێب بون، لەوانەی پەیوەستن بە مەسەلەی فیتنەوە (كتاب الشورى و مقتل عثمان)و(كتاب الجمل)و(كتاب صفين)و(كتاب مقتل محمد بن أبي بكر و الأشتر و محمد بن

---

[94] - الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١٠ص٤٠٠.
[95] - ابن قتيبة: المعارف.
[96] - آغابزرگ الطهراني: الذريعة إلى تصانيف الشيعة، ج١ص٣١٢.

أبي حذيفة)و (أهل النهروان و الخوارج)و(مقتل على).[97] **بەڵام ئەبوو موخنەف جێ متمانە نیەو لەبەر شیعەگەری توندی لادانی لە مەسەلەی فیتنەدا دیارە، زەهەبی لەو بارەیەوە دەڵێت:(هەواڵ گێڕەوەیەکی هیچو بێ متمانەیە)[98]لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت:(لە دەستەیەکی نادیاران گێڕانەوەی هێناوە.ئەو هاوشێوەی سەیفی کوڕی عومەری تەمیمی نووسەری** (الردة) و(عوانة ابن الحكم)ه).[99]

ئەمە بەشێکە لەم سەرچاوە

أ.د. محمد أمحزون: تحقيق مواقف الصحابة في الفتنة من روايات الإمام الطبري و المحدثين

تێبینی: لەبەر درێژخوازی پەراوێزەکان هەوڵمانداوە لەگەڵ ئەوپەڕی پاراستنی سپاردەی زانستیدا پوختت کردنەوە بۆ هەندێ لە پەراوێزەکان بەکاربهێنین.وەرگێڕ

لەگەڵ داوای نزای خێردا

وەرگێڕ

٩٧ - ابن النديم: الفهرست، ص١٠٥-١٠٦.
٩٨ - الذهبي: الميزان، ج٣ص٤١٩.
٩٩ - سير أعلام النبلاء، ج٧ص٣٠٢.